**وەزارەتی ناوخـۆ**
**ژمارە: ٧٢٤٠ لە ٢٠٢١/٤/٥**

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

دوابەدوای بەیـانی ژمـارە (٣-٥-٦-٨-١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥-٢٦-٢٧-٢٨-٢٩-٣١-٣٤-٣٥-٣٦-٣٧-٣٨-٣٩-٤١- ٤٢-٤٤-٤٦-٤٨-٥٢-٥٧-٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ و (١،٦،٧،٨،٩،١٠،١٢)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لە پێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :

**یەکەم:** ڕاگرتنی هاتووچۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق.

**دووەم:** تەنها ڕێگە دەدرێت بەم کەسانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە هاتووچۆ بکەن لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بە مەرجێك پێویستە لە بازگەکان لە کاتی هاتنیان تێستی کۆرۆنا ئەنجام بدەن:

١- ئاژانس وڕێکخراوەکانی(UN) وڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وهاوپەیمانان ودیپلۆماتکاران وشاندە فەرمییەکان
٢- ئەو هاوڵاتیانەی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن.
٣- کەسانی نەخۆش کە پێویستیان بە چارەسەری نەخۆشی هەیە لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان.
٤- بازرگانان و وەبەرهێنەران.

**سێیەم:** کاری بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق بەردەوام دەبێت بە لە بەرچاوگرتنی تەواوی ڕێکارەکانی خۆپارێزی.

**چوارەم:**ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخـۆ**

---

**وەزارەتی ناوخـۆ**
**ژمارە: ٩٢٧٣ لە ٢٠٢١/٥/٥**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بـە بڕگـەی(١٣) ماددەی شەشەم لە یاسای پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٩ی هەمـوارکراو و بڕیـاری ئەنجومەنی پارێزگـای سلێمانی ژمـارە (١)ی سـاڵی٢٠٢١ تایبـەت بـە پێشـنیاریان بـەگۆڕینی نـاوی گونـدەکانی جنۆکەی قازی و جنۆکەی غیدان و جنۆکەی مدحت و جنۆکەی حمەطالب ، بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم بەیانە

**یەکەم:** گۆڕینی ناوی گوندکە کانی : **(جنۆکەی قازی)** بۆ **(جەژنەواری قاز)**
**(جنۆکەی غیدان )** بۆ **( جەژنەواری غیدان )**
**( جنۆکەی مدحت)** بۆ **(جەژنەواری مدحت )**
**( جنۆکەی حمە طالب )** بۆ **( جەژنەواری حمەطالب )**

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی (وە قایعی کوردستان) کاری پێ دە کرێت .

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخـۆ**